www.kurdistannet.org
29/05/2002 23:59

# مامۆستا مەلا ناسیح ئەو کەسایەتیەی سەربەرزانە سەری نایەوە

**شاخەوان شۆڕش**

مامۆستا مەلا ناسیح, کەسایەتی خۆڕاگر و دێرینی خەباتی کوردایەتی, کادیر و بەرپرسێکی هوشیاری شۆڕشی ئەیلول, هەروەها یەکێ لە ئەندامانی کۆمەڵی دامەزرێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان کە دواتر پلەی ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی پێسپێردرا, لەرۆژی ٢٠٠١/٩/٨ دا دڵی لەلێدان کەوت و گەیشتە ڕێزی سەرووەران.

مامۆستا یەکێ لەو کەسە کوردپەروەرانەی شاری هەولێرە, کەهەر لەپەنجاکانەوە لەگەڵ گەلێ خەباتگێڕی تری وەك سەید مەجید, ساڵح شێرە, حەسەن مستەفا, حەمەسوورو زۆریتر دەستی بە کوردایەتی کردووە, ملی هەورازەڕێی سەخت و درێژخایەنی خەباتی ناوە. ئەو تێکۆشەرانە کە لەراستیدا پێشەنگی خەباتی کوردایەتین لەشاری هەولێردا, ئەوانە خوێندگەیەکی گەورەو دەوڵەمەندی پڕ لەئەزموونیشیان بۆ هەموو نەوەکانی دوای خۆیان دروستکرد. پەشێو جوانی بۆچووە کە پێیوایە: ئەو تێکۆشەرە دێرینانە "کەستەکە زێڕن" لەگەنجینەی کوردایەتیدا!

ئەوەی مامۆستا لەگەلێ لەدڵسۆزانی خەباتی ڕابردووی جیادەکاتەوە, نەوەستانیەتی لەخەبات, کۆڵنەدان و دانەبڕانیەتی لەکاروانی شۆڕشی رزگاری کوردستان, بەتایبەتی دوای هەرەسەکەی شۆڕشی ئەیلول لەئازاری ١٩٧٥ دا.

لە بەهاری ١٩٩٨ دا بەمەبەستی زانیاری کۆکردنەوە لەسەر ژیانی خەباتی ڕامیاری باوکم, هەروەها زانیاری کۆکردنەوە لەسەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی بیرۆکەی بزوتنەوەو خەباتی بزوتنەوەی سۆسیالیست کەپاشان لەقۆناغەکانی دواتردا بووبە حیزبی سۆسیالیست, سەردانێکی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا ناسیحم لە شاری لەندەندا کرد. کەچوومە لای بینیم تەندروستی باش نەبوو و گرفتی هەناسەدانی هەبوو, بۆیە ئامێرێکی گەورەیان بۆ یارمەتیدانی لەهەناسەداندا بۆ تەرخانکردبوو. من بەم بارودۆخەی مامۆستا زۆر پەرێشان بووم, لەراستیدا بۆ من ئاسان نەبوو داوا لەمامۆستا بکەم بۆ سازکردنی چاوپێکەوتنێك لەگەڵیدا, چونکە باری تەندروستی ئەو گونجاو نەبوو. هەرچۆنیبێ دوای ماوەیەکی زۆر دانیشتن و بەرێکردنی میوانان, مەبەستی سەردانەکەمم بەمامۆستا ڕاگەیاند. مامۆستا زۆر دڵسۆزانە, سادەو پاك, هەمان ئەو سادەو پاکیەی کە لەتێکۆشەرانی دێرینی ئەوەم بینی (ئەمە لەکاتی چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا) , بەخۆشحاڵیەوە ئامادەیی خۆی دەربڕی.

ئەوسا چاوپێکەوتنم لەگەڵ گەلێ لەخەباتگێڕانی دێرینی شاری هەولێردا کرد, هەموو ئەوانەی کەتوانیم چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکەم, وەك مامۆستا جۆرە پاکیەکی تایبەت, خۆشەویستیەکی کوردانەی بێهاوتا, ڕوخسارێکی پڕ لەئەزموون و زامدار بەئازارەکانی مێژووی خەباتی کوردایەتی, بەئاکار, بە تریسکەی چاوی وریایان, بە گفتی رەوان و بزەیەکی وەستایانەی سەر لێویانەوە دەبینرا.

ئێستا تێدەگەم لەبەرچی گفتوو گۆو دوانی ئەو کەڵە کوردانە ئەوەندە بەتاموچێژ بوو. من زمانی کوردیم پێ لەهەموو زمانێ شیرینترە, بەڵام قەت نەمدەزانی هێندە شیرینە!

ئەوەبوو لەگەڵ مامۆستا لەسەر چاوپێکەوتنەکە ڕێککەوتم و بڕیارماندا کەوا رۆژی دواتر چاوپێکەوتنەکە سازبکەین. لەبەرئەوەی چاوپێکەوتنەکە زیاترو بەشێوەیەکی سەرەکی دەربارەی سەرهەڵدانی بیرۆکەی بزوتنەوەو مێژووی سۆسیالیست بوو, بۆیە گێڕانەوەکانی مامۆستای نەمر زیاتر لەبارەی حەفتاکان و دواتر بوو.

(هیوام وایە دەقی ئەم چاوپێکەوتنە لەداهاتوویەکی نزیکدا بلاوبکەمەوە)



www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
29/05/2002 23:59

ئەم جوڵانەوە رزگاریخوازیەی خەڵکی کوردستان کە بەشۆڕشی ئەیلول ناوی رۆیشتووە, لە ساڵی ١٩٧٤ دا, دوای سەرنەکەوتنی گفتوگۆی چارساڵەی نێوان پارتی و بەغدا, پێی نایە قۆناغێکی ترو جەنگێکی چەکداریی خوێناوی, کەبەداخەوە ئەم قۆناغە دوا قۆناغی خەباتێکی ١٤ ساڵەی خوێناوی پڕ لەهەورازو نشێو, داستان و کارەسات هەروەها شەونخونی و ئازارێکی زۆربوو.

ئەم قۆناغە چەکداریە گەلێ هەڵوێست, مۆرك و دیاردەی ناو شۆڕش و پارتی زەقتر و ئاشکراتر خستەڕوو. ئەو دیاردانە هەندێکیان بەتووندی لەلایەن گەلێ کادیرو خەڵکی هوشیاری ناو پارتییەوە رەخنەیان لێدەگیرا. بەشی زۆری ئەو رەخنانە ئاراستەی بەتایبەتی سەرکردایەتی پارتی دەکران.

مامۆستا مەلا ناسیح یەکێ بوو لەوانەی بەچاوی رەخنەوە سەیری گەلێ لەو دیاردانەیان کردووە. بۆنمونە: رۆڵی پاراستن و راپۆرت نووسین لەسەر خەڵك, زاڵبوونی لایەنی سەربازیو کەسانی بەرپرسی خێڵەکی, کارو کردەوەی ناڕەوا بەرامبەر بە خەڵکی ئاسایی و پێشمەرگە هتد. . بەڵام ئەوەی زۆر زیاتر رەخنەی لێگیراوە, جۆری پەیوەندی پارتی بەرژێمی شاهەنشاهی ئێرانەوە بووە. هاتنی ژمارەیەکی زۆرو راستەوخۆی چەکوتەقەمەنی سوك و قورس هەروەها پێداویستیترو خواردەمەنی لەلایەن رژێمی ئێرانەوە کەدەستتێکەڵاوکردنێکی راستەوخۆی رژێمی ئێران لەشۆڕشی ئەیلولدا بوو, هەڵوێستێکی رەخنەگرانەی لای گەلێ کەس دروستکردووە.

لەم بارەیەوە بەهەشتی مامۆستا مەلا ناسیح دەگێڕێتەوە: " رۆژێکیان لەئازادی لەبارەگای سەیدا ساڵح یوسفی دانیشتبووین, گوێمان لەگرەوهۆڕی زیل و تورومبێلیتری سەربازی کەبەرەوخوار دەبوونەوە بوو, ئێمە بۆ بینینی رووداوەکە چووینە دەرەوە. دیمان خەڵکێکی زۆری ئاسایی کۆبببوونەوەو چەپڵەیان لەخۆشی هاتنی ئەو ئۆتۆمۆبیلە سەربازیانەی ئێران لێدەدا, پێیانوابوو ئیتر تازە زۆرنابا شۆڕش سەردەکەوێو کورد رزگار دەبێت! ئێمە بەم رووداوە تووشی گەلێ پرسیار بووین. ئەوەبوو چووینە ژوورەوە, دانیشتین و رووی پرسیارمان لەسەیدا ساڵح یوسفی کرد, پرسیمان: سەیدا تۆ بیرورات چییەو ئەمە چۆن دەبینی؟ سەیدا هەناسەیێکی قووڵی هەڵکێشاو گوتی: شۆڕشێ مە پیچ بوو! "

ئەوە بوو ساڵێکی بەسەردا تێنەپەڕی, شای ئێران لەگەڵ رژێمی بەغدا بەهاوکاری هەندێ وڵاتیتر, لەرێککەوتی ١٩٧٥/٣/٦ دا رێککەوتننامەی جەزائیری شومیان مۆرکرد. شای ئێران توانی لەم رێککەوتنەدا, شۆڕشی کورد بۆ مەبەستی خۆی بەکاربێنێت و کۆمەڵێ دەستکەوتی ناسیونالیستانە بۆ خۆی بەدەستبێنێ. ئەم رێککەوتنەی بووەهۆی کۆڵدانی سەرکردایەتی پارتیو هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول. دیارە لەئەنجامی ئەم رێککەوتنەدا مەلا مستەفا بارزانی بڕیاری شۆڕش وەستانیدا, ئەو بڕیارەی بووەهۆی پەرشوبڵاوکردنی شۆڕشی چەکداریی ئەیلول.

مامۆستا وەك گەلێ کادیری ترو خەڵکی هوشیاری ناو پارتی, هەڵوێستی بەرامبەر بڕیارەکەی بارزانی و سەرکردایەتی پارتی وەرگرتووە,

مامۆستا بەهاوکاری شۆڕشگێڕانی وەك عەلی عەسکەری, عەلی هەژار, دکتۆر خالیدو زۆریتر هەوڵی زۆریانداوە شۆڕشی ئەیلول لەم هەرەس و کارەساتە رزگاربکەن. بەڵام لەلایەن سەرکردایەتی بارزانییەوە بەرپەرچی ئەو هەوڵانە دراوەتەوەو دەرگایان بەڕوودا داخراوە.

بۆنمونە مامۆستای بەهەشتی دەگێڕێتەوە: " لەکۆبوونەوەیەکدا کەباس لەچۆنییەتی ئەو بڕیارەی بارزانی دەکرا, رەخنەی زۆر لەبڕیارەکە گیرا. ئێمە پێمانوابوو کەبڕیاری لەم شێوەیە دەبێ کۆنفرانس یا کۆنگرە بیدات, سەرۆکی پارت بۆی نییە بەتەنیا بڕیاربدا. دیارە لەکۆبوونەوەکەدا ئیدریس بارزانیش بەشداربوو. ئیدریس بارزانی هاتە ناو باسەکەو گوتی: کاکە ئەوە ئێوە باسی چی دەکەن, مانگا مرد و دۆ بڕا ! "

دوای ئەوەی هەرەسی شۆڕش بووە راستیەکی راشکاو, مامۆستا لەگەڵ کادیرانی هاوبیریدا, دەستیانکرد بەکۆبوونەوەو جموجۆڵی ئەوەی "چی بکەن". ئەو کۆبوونەوانە زۆربەی لەشاری نەغەدەی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێن. ئەنجامی کۆبوونەوەکان ئەوەدەبێ کەوا بگەڕێنەوە خوارووی کوردستانی بندەستی عێراق, لەوێ رێکخراوێکی رامیاری دروستبکەن و بکەونەوە کوردایەتی کردن.

مامۆستا هەروەك بەڵێنی بەهاوبیرانی دابوو, لەدوای گەڕانەوەیدا بەگەرمی دەکەوێتەوە جموجۆڵو بینینی کەسانێتر بەتایبەتی: ساڵح یوسفی, عەلی هەژار, دکتۆر خالید سەعید, رەسول مامەند, عەلی عەسکەری, سەعدی گچکە, تایەر عەلی والی, کاردۆ گەلاڵی و زۆریتر.

زۆرنابا ئەوانە لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٦ دا رێکخراوی بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێنن و رادەگەیەنن.

مامۆستا مەلا ناسیح بەوپەری دلسۆزیو لەخۆبردووییەوە دەکەوێتە جموجۆڵو خەباتی نهێنی. ئەوەبوو لەهاوینی هەمان ساڵدا, بزوتنەوە هەندێ لەکادیرانی پێشکەوتووی خۆی نارده شاخ و خەباتی چەکداری راگەیاندرا. ساڵی دواتر مامۆستا شوێنی خەباتی دەگوازێتەوەو دەچێتە چیا.

مامۆستا وەکو سەرکردەیەك بەدرێژایی ژیانی خەباتی ئاشکرای لەشاخدا, بەئەرکی کوردانەی خۆی هەڵساوەو هەمیشە کوردایەتی لای ئەو لەسەرووی هەموو کارێکیترەدا بووە. مامۆستا کوردایەتی پێ لەپارت بەرزتر بووە, بۆیەش هەمیشە هەوڵیداوە پارتەکەی لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی نەتەوەی کورددا کاربکات.

ئەو هەمیشە بەرژەوەندی گشتی لاگرنگ بووە, بەهیچ جۆرێو لەهیچ باروودۆخێکدا نەکەوتووەتە ژێرکاریگەری رێچکەی ئایدۆلۆژیانەی پەرگیرو داسەپێنەرانە. گەر دەرکەوتنی ئەو دیاردەیەی لەناو پارتەکەیدا بینیبێت, هەوڵی چارەسەرکردنی داوە, هەوڵیداوە جیاوازی بیروڕا نەبێتە هۆی سەرگەردانی و هەنگاوی چەوت لەناو پارتەکەیدا. بۆنمونە لەکاتی بەستنی کۆنگرەی یەکەمی سۆسیالیست کەتیایدا مشتومڕی راست و چەپ تارمایی بەسەر کۆنگرەکەدا کێشاوە, مامۆستا بێلایەنانە لەم ململانێیەی روانیووەو هەوڵیداوە ئەو دوو باڵە یا بۆچوونە جیایە لەیەکتر نزیك بکاتەوەو زمانی لەیەکترگەیشتن لەنێوانیاندا دروست بکات. مامۆستای نەمر لەم بارەیەوە دەگێڕێتەوە " ئەو ململانێی راست و چەپەی ناو کۆنگرە شتێکی زۆرخراپ بوو تووشمان ببوو. هەندێ ناوی چەپیان لێنرابوو, هەندێ راست, بە هەندێکی وەکو ئێمەشیان دەگوت موعتەدیل. ئەمە کارێکی خراپ بوو. ئێمە هەوڵماندا ئەمە چارەسەربکەین و نەبێتە کێشە. "

مامۆستا بەو باوەڕەوە درێژەی بەخەباتی خۆیداو بەردەوام بوو, بڕوای بەیەکگرتوویی هەبوو, هەوڵی بۆ یەکگرتوویی ریزەکانی پارتەکەی دەدا.

کاتی راپەرینەکەی ئازاری ساڵی ١٩٩١ کەبووە هۆی رزگارکردنی بەشێکی زۆری خوارووی کوردستان, مامۆستا توانی لەژێر کەشێکی ئازاددا جارێکیتر بەدانیشتوانی شارەکەی شاد ببێتەوە.

مامۆستا مەلا ناسیح وەك سەرکردەیەکی دڵسۆز بۆ پارتەکەی, خۆڕاگربوو بەرامبەر هەموو ئەو تەنگوچەڵەمانەی دوای راپەرینەکەی ١٩٩١ تووشی سۆسیالیست هات. کاتێ سەرکردایەتی سۆسیالیست بۆ گوشاری هەردوو پارتی دەسەلاتداری یەکێتی و پارتی چۆکیدادا, کە لەکۆتاییو ئەنجامدا بووە هۆی هەڵوەشانەوەی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان لەسەرەتای ١٩٩٣دا, مامۆستا وەك گەلێ خەڵکیتر, توانی هەڵوێست وەرگرێو وەك تێکۆشەرێکی هۆشیار مل بۆ هەنگاوی چەوت و تاووتوێ نەکراو نەدات. ئەو پێیوانەبوو ئەم هەنگاوە لەبەرژەوەندی کورددایە, ئەو ملی بۆ دەسەلات و خۆدەرپەڕاندن کەچنەکرد, ملی بۆ پارەو خۆدەوڵەمەندکردن کەچنەکرد, نەشیویست بچێتەوە ژێرباڵی بیرکردنەوەی کلاسیکیانەی پارتیو یەکێتی. لەڕاستیدا هەڵوەشاندنەوەی سۆسیالیست بەدەستی سەرکردایەتی ئەوسای سۆسیالیست, کارەسات و

www.kurdistannet.org
29/05/2002 23:59

زامێکی گەورە بوو بۆ مامۆستاو هەموو ئەوانەی بەو پارتەوە ماندووببوون, بۆ ئەوانەی خەباتیان لەریزەکانیداکردبوو, خوێنیان تیایدا رشتبوو و لانەیەکی گونجاوی خەباتی کوردایەتیەکەیان بوو. مامۆستا دەیزانی سۆسیالیست لەگەلیَ لایەنەوە وەك یەکێتیو پارتی نییە و خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی, ئەو تایبەتمەندیەی کە بەخەبات و خوێن دروستکرابوو, هەر ئەو تایبەتمەندیانەش بوون ببوونە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر لەخۆی کۆبکاتەوەو ببێتە لانەیەکی گونجاو بۆیان و کوردایەتی خۆیان لەریزەکانیدا بکەن. مامۆستا بڕوای بەپێویست هەبوونی پارتێکی وەك سۆسیالیست لەخوارووی کوردستاندا هەبوو, پێیوابوو سۆسیالیست دەتوانێ ببێتە هۆی یا کاریگەرانە لەدروستکردنی سەنگاییێکی گونجاو لەنێوان هەردوو پارتەکەیتر مەبەست یەکێتی و پارتی بەشداربێت. بەمجۆرە رێگاگرتن بەشەڕی ناوخۆو سەقامگیربوونی ئاشتی لەناوچەکەدا. مامۆستا هەموو کات بەتووندی دژی شەڕی براکوژی و کوردکوشتن بووە, بە دەردێکی کوشندەی خەباتی نەتەوەی کوردی زانیوە. ئەم تێگەیشتن و بڕوا بەهێزە بوو وایکرد کەمامۆستا نە بچێتە ناو پارتی نەیەکێتی, بەڵکو وەکو کەسایەتیەکی دیاری کوردپەروەر شوێنی گرانبەهای خۆی بپارێزێت.

مامۆستای نەمر وەکو کەسایەتیەکی ناسراو و خاوەن ئەزموونێکی زۆری کوردایەتی, پەیوەندی باشی لەگەڵ زۆر لەپارت و رێکخراوە کوردستانیەکان هەبووە, پشتگیری لەهەنگاوی گونجاو و خەباتیاندا کردووە, رەخنەشی لەهەر هەنگاوێکی چەوت کەزیانی بۆ نەتەوەی کورد هەبووبێت گرتووە, جا ئەو هەنگاوە لەلایەن هەر پارت و رێکخراوێکەوە نرابێت. چونکە مامۆستا هەموو کات و تادوا ساتەکانی ژیانیشی بڕوای بەکوردایەتی هەبوو نەك پارتایەتی. هەربۆیەش مامۆستا هی هەموو کورد بوو و بەکۆچەکەی زیان لەهەموو نەتەوەی کورد کەوت.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی مامۆستای کوردایەتی, کەسایەتی نەمرو پایەبەرز مامۆستا مەلا ناسیح.

ئەم پارچە پەخشانە پێشکەشە بەبەهەشتی مامۆستا مەلا ناسیح:

**دەبنوو مامۆستا, بنوو**

**بەکۆچەکەت, هەوارەکەی سەیدا ئاوەدان بکەوە**

**دەبرۆ لەگەڵ کاك تایەر و قادر شۆڕش**

**لەگەڵ کاك خالید و کاردۆ و ئەوانیتر**

**لەژێر تاوڵی سەروەریدا, بادەی سەربەرزی بنۆشە. .**

**دەبرۆ مامۆستا, ئەوان دەمێ بوو چاوەرێت بوون**

**دەبرۆ هەواڵی کوردستانیان بۆ بەرە. . .**

**هەموو هەواڵەکانیان وەکو خۆی, بێکەم و زیاد پێبگەیەنە؟!**

**هەواڵی دابەشکردنی کوردستان. . . .**

**پرۆسەی کاروانکوژەی ئاشتی. . . .**

**دەستلەملانێی داگیرکەران. . . .**

**هەموو هەواڵەکانیان وەکو خۆی, درشت و وورد پێبگەیەنە؟!**

**دەبنوو مامۆستا بنوو,**

**زۆر ماندوو بوویت, زۆرت غەم خوارد!**

**دەبنوو مامۆستا بنوو, هەسانەوە رەوای خۆتە. . .**

******